# بۆچی ئێمەش (English villege)مان نەبێت؟



عەبدولواحید محەمەد حاجی

لە چوارچێوەی پرۆگرامی وەفدی وەزارەتی پەروەردە بۆ وولاتی کۆریای باشـوری دۆسـتمان کە لەسەر ئەرکی هەردوو ڕێکخراوی (koica+Anpa) سازکرا سەردان‌و بەسـەرکردنەوەی چەنـد دام‌و دەزگایەکی پەروەردەیی ئـەو وولاتـە کـرا ، جێـی باسـە هەمـوو دەزگـاکان بەشێوەیەکی زۆر جوان‌و ڕێکوپێك بەرجەستەو بەرهەڤ کرابوون، بەپێی پێوەرە زانستیەکانی ئەم سەردەمە، کە تەواو گونجاوە لەگەڵ زەوق‌و سەلیقەی خوێندکارانەوە، ئەو دەزگایانە ئەوەندە سـەرنجیان ڕاکێشام هەر لەوێدا بڕیارمـدا تەواوی ئـەو دیدارانـەم بۆ ئـەو ناوەندانە لـە دوو توێـی چەند وتارێـك بخەمە سـەر ڕووپەڕی ڕۆژنامـەکان یـا ئەوەتا بـە فیلم لـە ڕێگای شاشـەی تەلەفیزیۆنـەوە بە خەڵکی وولاتەکەی خۆم بناسـێنم، بەڵکو خوا بکات بەرپرسـەکانمان ببینن لایەنی کەمی لەناوەندەکانی خوێندنی خۆمـان فەراهەم بکەن، وەکو لە پێشـدا ئاماژەم پێدا یەکێك لەو شـوێنە گرنگ‌و پڕ بایەخـە کە سـەردانمان کـرد ، دێی ئینگلیـزی بوو بە ڕاستی شـوێنێکی یەکجار جوان‌و قەشەنگ بوو، دیمەنی دەوروبەرەکەی لە شـوێنێکی گەشتیاری دڵرفێن دەچوو لە دار‌و دارستان‌و باخ‌و باخچەی ڕازاوە‌و گوڵزاری ڕەنگاو ڕەنگ، وەکو بەهەشـتی خودا دەهاتە بەرچاو لەنێو ئەو دیمەنە سـەرنج ڕاکێشانەدا زیاتر لە(٤٧) باڵەخانە بەرز کراوەتـەوە هەر لـە دەرگای چوونـە ژوورەوەدا مرۆ وا هەسـت دەکات دەچێتـە نێـو جیهانێکی ئەندێشـەیی تازەوە، هەر لەگەڵ گەیشـتنمان کچێکی پۆلەندی شۆخ‌و شـەنگ بەزمانی ئینگلیزی پێشـوازی لێ کردین، پێشی ڕاگەیاندیـن ئـێرە وڵاتێکـی بچکۆلەیە پێویسـتە هەر یەکێك پاسـەپۆرتی خۆی هەبێت بۆ چوونە ژوورەوەی، بەڵام بۆ ئێوە ئەم یاسـایە جێ بەجـێ ناکەین، چونکە ئێـوە میوانی ئازیـزی ئێمەن ئیـتر وردە وردە تەواوی جومگەکانی ئەو وولاتۆکە جوان‌و قەشەنگەی پێشکەش کردین بەم شـێوەیە لە پێشـدا وتی: ئـەم خوێندنگایە لەسەر ئەرکی وولاتی کۆریاو ئینگلستانەوە دروستکراوە

وەکـو مەڵبەندێکی ڕاهێنان وایە هەموو وانەکان لێرە بە پراکتیکی پێشـکەش دەکرێن، سەرجەم خوێندکاران لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا ئامادەیی‌و زانکۆش بۆیان هەیە سـەردانی ئـێرە بکەن‌و تێدا بمێنـەوە بۆ وڵاتانی دەرەوەش بەهەمان شـێوە لەدرێژەی ئاماژە پێدانەکەی وتی: سـاڵانە لە (٢٥) وڵاتەوە خوێندکاران سەردانی ئێرە دەکەن‌و وانـەی پراکتیکی وەردەگرن هەر خوێندکارێك لـە بەرامبەر یەك هەفتـە مانـەوە (٨٠) دۆلار دەدات. ڕاشیگەیاند: هەردەم (٥٠٠) خوێندکار لێرە هەیەو (١٠٠) مامۆسـتاش وانە دەڵێنەوە مووچەی مامۆستاکانیش لە ئەستۆی ژمێریاری کۆمەڵگایەکەیە.

ئینجـا یـەك لـە دوای یـەك تـەواوی بەشـەکانی ناوەندەکەی بۆ شیکردینەوە جەختیشی کردەوە هەموو خوێندکارەکان لەو شـوێنانەی کە بەئێمەی نیشاندا بە کردارەکـی وانەکان تێدا دەخوێنـن‌و پراکتیزەی دەکەن بەشـەکانیش کەهەریەك پێکهاتبوو لـە باڵەخانەیەکی سەربەخۆ بەشێوەیەکی جیا لەوی تر بەم شێوەیە:

١ -هۆڵی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی.

٢ - هۆڵی فێرکردنی جوگرافیای کۆریاو وڵاتانی تر.

٣ - هۆڵی نمایشکردنی شانۆ کە جێی (٥٠٠) خوێندکاری تێدا ڕێکخرابوو، مەبەسـتیش ئەوە بـوو خوێندکار کە دەچێتە شـانۆ پێویسـتە چـی بکات‌و چۆن دانیشـێ‌و هەڵسـوکەوتی بـە چ شـێوازێك بێت لە کاتی چوونە ژوورەوە‌و هاتنەدەرەوەدا .

٤ - هۆڵی مۆزەخانە: مەبەست لەو هۆڵەش ئەوەبوو کە خوێندکار شـارەزای مۆزەخانە بێت لەلایەك لە لایەکی تـر فێری هاتنە ژوورەوە‌و چوونە دەرەوە بێت، هەروەها تەعامل کردن لەگـەڵ کەلوپەلەکانی ناو مۆزەخانەکەو لەگەڵ هاوڕێکانیش، سـەرباری هەمـوو ئەوانەش فێری ئەوەش دەبن کە هەر شـتێك پەیوەنـدی بە ڕابردووی نەتەوەکەی هەبێت دەبێت بپارێزرێت.

٥ - پێشـانگای گیانەوەران: دیارە ئەو پیشانگایەش بۆ ئاشنابوونی خوێندکار بوو بە ژیانی گیانەوەران.

٦ -پێشانگای ڕووەکی بەر سێبەر :ئەو پیشانگایە بۆ ڕاهێنانی خوێندکار بوو لە سەر بایەخدان بە ڕووەکی ڕازاندنەوە واتە چاندنی تۆی جوانیو ناسکی لە دڵو دەروونی خوێندکار هەر لە منداڵییەوە.

٧ - هۆڵی پارە گۆڕینەوە (بانك): لەو بەشەش خویندکار فێری چۆنیەتی سەردانی کردنی بانكو ئەو شوێنانەی کە پێویستیەتی بۆ گۆڕینەوەو ئاڵوێرکردنی دراوە جۆر بەجۆرەکان.

٨ - هۆڵی پۆستەو گەیاندن: ئەمەشیان وەکو مەڵبەندێك بوو بۆ ڕاهینانی خوێندکار لەسەر چۆنیەتی گەیاندنو نامەو تەلەگراف، هەروەها خەواندنی پارە.

٩_ هۆلی تایبەتی پەرتووکخانە: ئەم هۆڵەش وەکو مەڵبەندێکی ڕاستەقینە ڕێکخرابوو ژمارەیەکی زۆریش



کتابی تێدا بوو بۆ ئەوە بوو خوێندکار ڕابێت لە سەر چۆنیەتی وەرگرتنی کیتابو پارێزگاری کردنی، هەروەها لە کاتی خوێندنەوەدا هەڵسوکەوتی چۆن بێت لە کۆتایشدا چۆن کتابەکە لە شوێن خۆی دادەنێتەوە.

١٠ - هۆلی تەندروستیو چارەسەری بە پەلە: لەم بەشەش خوێندکار فێری ڕێو شوێنی خۆپاراستنو پاكو خاوێن ڕاگرتنو هەروەها فریاکەوتنی خێرا لەکاتی پێویست، بەهۆی کارمەندی لێهاتوو و خاوەن بەهرە.

١١ - باڵەخانەی حەوانەوە: ئەم باڵەخانانەش زۆر ڕازاوەو سەرنج ڕاکێش بوون هەر باڵەخانەیەکیش جێی(١٥) خوێندکاری تێدا ڕێکخرا بوو هەموو هۆیەکانی حەوانەوەو پشوودانی لێ ڕەخسێنرا بوو.

١٢ - خواردنگا: ئەمەشیان لە باڵەخانەیەکی گەورە پێکهاتبوو هەموو جۆرە خواردنێك کە لەگەڵ سروشتی خۆیان گونجاوە پێشکەش دەکرێت هەر لە پیتزاو مەکدۆناڵدو هەمبەرگەرو...تد

١٣ - دواهۆڵ کە هۆڵێکی زۆر گەورەو پانو پۆڕ بوو پێمان نیشاندرا هۆڵی شارەوانی بوو، دیارە ئەم هۆڵەش بۆ ئەوە بوو کە خوێندکار بزانێت لەسەنتەری هەر شارێك دەزگایەك هەیە پێی دەگوترێ شارەوانی کە دەزگایەکی خزمەتگوزارە هەرچی پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەوە هەیە لە چوار چێوەی ئەم دەزگایە فەراهەم دەکرێت واتە هەر لەسەرەتاوە وا لە خوێندکار دەکەن کە شارەوانی شوێنێکی گرنگەو پێویستە بەچاوی ڕێزو تەقدیرەوە تەماشای بکەن هەر کاتێکیش پێویستیان بە هەر شتێك بێت دەتوانن سەردانی بکەن، تا ئێرە باسی دێی ئینگلیزیم بۆ کردوون مەبەستم لە خستنە ڕووی ئەو دەزگایە پڕ بایەخە بۆ ئەوەبوو یەك پرسیار بکەمو وەڵامەکەی بەلای ئەو بەرپرسانە بێت کە تەنها بە قسە بەهار دەهێننە چۆکانو هەموو شتێك دەکەن، بەڵام بە کردارەکی زۆر کەمی جێ بەجێ دەکەن، پرسیارەکەش ئەوەیە بۆ خوێندکارە بەش مەینەتیەکانی ئێمەش پێویستیان بەم جۆرە دامو دەزگایانە نییە؟ بەداخەوە گەورەش دەبن شارەزایی هەندێ لایەنی ژیانو پێویستیەکانی ئەو سەردەمە نابن.